سەرکی دادگای باڵای فیدراڵی: پرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردن ودابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران لە هەرەمی کوردستان یەکێکە لە ئەرکە لەپێشینەکانی دادگاکە



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ یەکشەممە 24-3-2024 لە بەغداد پێشوازیکرد لە دادوەر جاسم محەمەد عەبود سەرکی دادگای باڵای فیدراڵی و ژمارەیەك لە دادوەرانی ئێندامانی دادگاکە.

لە سەرەتای دیدارەکەدا سەرۆك كۆمار و سەرۆك و ئێندامانی دادگای باڵای فیدراڵی پیرۆزبایی مانگی ڕەمەزانیان ئاوگەکرد و ئومێدیان خواست عێراق و عێراقییەکان هەمیشە لە ئاسایش و ئارامی و سەقامگیریدا بژین.

سەرۆك كۆمار جەختی لەوە کردەوە، ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی وڵات بەخۆوە دەبینێت، دەستکەوتکی گرنگ و شایستەیە و دەبێت پارێزگاری لێبکرێت و بچەسپێنرێت وەك بنەمایەك بۆ دەستپێکردن و گەیشتن بە گەشەپێدانی ئابووری، پێشخستنی وەبەرهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان.

هەروەها سەرۆك كۆمار ئاماژەی بۆکرد، دەبێت دامودەزگاکانی دەوڵەت ڕێ و هەوڵکانیان بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان پاڵپشت بە یاسا و دەستور، پتەوتر بکەن. باسی لەوشکرد، دەبێت دیالۆگی

دیموکراسی ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بێت، کە ڕووبەڕوی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان دەبێتەوە، هەروەك دەبێت یاسا ڕێکخەری ئەو پەیوەندییە بێت.

لەلایەن خەیڵوە دادوەر جاسم محەمەد عەبود سەرکی دادگای باڵای فیدراڵی جێختیکردەوە، دادگای فیدراڵی بە یەك دووری لێگۆ هەمووان دەوەستێت و پەرەشی کارکردنە بە دەستور و یاسا. ئاماژەی بەوەشکرد، پرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ناردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە کارە لەپێشینەکانی دادگاکەیە.

هەروەها دادوەر جاسم محەمەد عەبود جێختیکردەوە، دادگای باڵای فیدراڵی ئامادەیە بە کارکردن لێگۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بێئەنجامگەیاندنی ئەو مافانە لێڕەر سایەی دەستوردا.